# شەوێك لە یادی پۆشكین دا

جەزا چنگیانی

كێ بێ بتوانی بالاَی لە بالاَی نیشتمانەكەی بالاَتر بكات . ؟؟؟ لە هەر سوچێكی نیشتمانی ڕوسەكانەوە (ڕوسیا) بڕوانیت بالاَیەكی بەرز بەری بینایت دەگری و دەڵێت من هەم . بوومەتە بەشێكی بە پێزی مێژووی نیشتمانەكەم، بروانەكەم قوتابخانەیەك هەبێ و هونراوەكانی ئەم شاعیرەی رۆژی چەندەها جار تیدا نەخوێندریێتەوە، بڕواناكەم عاشقیك لە ڕوسیادا هەبێت و شیعریكی ئەم شاعیرەی نەكردبیتە چەپكە گووڵی یەكەم نامەی دڵداری پێشكەشی نازدارەكەی نەكردبێ. خۆ سەپاندن و بالاَبەرزیبوونی شاعیریكی وەكی پۆشكین لە ناو میللەتی ڕووسدا دەگەریتەوە بۆ كۆمەڵی مۆتیف پیش ئەكتیف بوونی ئەم شاعیرە دڵ و دەرون ناسك و هەمیشە عاشقە . وێژەی ڕووسی لەبازنەیەكی كلاسیكی توورتدا دەچەرخی، هەستكردنی پوشكین بە تازەگەری و تەكاندان بە ووزە وویژەیەكانی نەتەوەی ڕووس شكاندنی كۆسپ و لەمپەرەكان . وینەكیشانی وینە ڕۆحیەكانی مرۆڤ بە زمان ووینەگەرایەتیەكی ڕوون . گەیاندیانە ئەوە ئاستەی لە سەردەمی لاویتیدا یەكی بوو لە جەربەزەكانی بۆاری ویژەی ڕووسی . خەسلەتەكانی چمكە هزری و ویژەیەكانی پۆشكین تەنیا عاشق و شاعیری نەبوو، بەڵكو پۆشكین قارەمانیكی نەتەوی ڕوس یش بوو . هەر لە بلاَوكردنەوەی یەكەم كۆمەڵە بەرهەمی لەسالی 1815 وە بە پیزی بەرهەمەكانی لە ڕاستیدا ئەركی نەوەیەكی لە كۆڵ گرتبوو . نەك تەنیا هونراوە بەڵكو هونەری چیرۆك نووسین وشانۆگەریشی گەشە پیدا . یەكیك لە خاڵە هەرە گرنگەكانی سەركەوتن و بالاَی پۆشكین لەپاڵ ئەركە ویژەیەكیەیدا چمكی ئەركی نەتەوایەتیشی دابوو بە كۆڵیدا، یانی خەباتەكەی تەنیا خەباتیكی ویژەی نەبوو . بەڵكو نەتەوەیش بوو لەم خاڵەوە (پوشكینی ڕووسەكان و پەشێوی كوردەكان)




هاوشێوەن و زۆر لەیەكەوە نزیكن، ئەوەتا (گۆگۆڵ) دەڵێت پۆشكین دیاردەیەكی مەزنی ڕووسیە، ئەو كەسە بوو كە نەتەوەی ڕووس پیویستی پیی بوو. بۆیە ئەوەی لە سەردەمی كۆندا نووسیویتی تائیستاش مرۆڤی رووسی پیویستی پیەتی، ئەوتا شیعرەكانی پەشیوی لاو، لەسەردەمی پەشیوی سەرسپیشدا لە هەڕەتی لاویدا دەژین . ئەمە ڕەسەنایەتی بەرهەمی هونەری و ویژەی دەسەلمینێ . من لەم بەسەركردنەوە كورتەدا گەرەكم نیە بە چڕی لەسەر تەواوی كارە ویژەیی و چالاكیە سیاسیەكان و كون وقوژبنی ژیانی



پۆشكین بپشكنم، بە هیوای ئەوەی زمانی رووسیم وابپژێت و بە پوختەی لە بەرهەمیكدا بیكەم بە میوانی پەرتوكخانەی كوردی . لە مانگی (2003/06) شاری سانپیتربۆرگی ڕوسیا یادی سێ سەد (300) ساڵەی دامەزراندنی كردەوە . شارەكە خۆی لە خۆیدا هەمیشە وەك ئافرەتیكی شوخی ئاریشكراو شۆخە . وەلی بەو بۆنەیەوە خۆی شۆخترکردبوو و بەتایبەتیش لە هەمان بووندا كۆبوونەوەی زوربەی سەرانی وولاَتان و زلیهیزەكانی لە ئامیزگرتبوو .

ڕووبكەمە هەر وولاَتیك بەپیویستی دەزانم نوسەران و هونەرمەندان وسیاسیەكانیان بناسم . كەزانیم ڕستۆرانیك نا ببەخشن (كۆشكیك) هەیە بە ناوی ماڵی پۆشكین و جیگەی دڵدارانی ئەم شاعیرە ودنیای جوانی ویژەن، خۆم گەیاندی . دوای ئەوەی سەر وسیمای ڕۆژهەلاَتی منیان بینی پێش ئەوەی خۆمیانی پیبناسم . زۆر بەریزەوە باوەشیكی

میوانداریان بۆکردمه و باوەشەکەیان گەرمتر بوو کەزانیان رۆژنامەنووس و نووسەری میللەتیکی بیّ دەوڵەتم . هەر ئەو ساته کارتی میوانداری یادی له دایك بوونی پۆشکین یان پیشکەشکردم که رۆژی 2003/06/06 بوو . لەوه دەچوو پێش چونی ئێمه (من و دکتور ئارمان و ڕێحانه چاوشینەکم (ناتاشا) ) . میزیکیان بۆ ئامادەکردبیتن، کوردانه چوینه سەر میزیك، وەلی پاش کەمێك خانمێکی قەیرەیی پڕ کەسایەتی به تکاوه فەرمووی گۆڕینی میزەکەی لێکردین . هۆڵێکی پڕ ڕووناکی کز دەنگی پیانوویەکی ڕۆمانسی . له دوتوی پەردەی دەرگایەکەوه خانمیکی سەر و تەمەن 50 ساڵ به دەنگێکی هونەری و لەتەك ئاوازی کزی پیانوەکەدا بەدەم شیعرەکانی پۆشکیەوه خۆیکرد به هۆڵەکەدا . خوێندنەوەکانی هێنده ڕۆمانسیانه و هونەری بوو . ناو هۆڵەکەی کردبووه ئۆپرایەکی خنجیلانه، چەند نازدار بوو به دەم شیعر خۆیندنەوەوه میوانەکانی به دانەواندنی سەری ریزی بەسەر دەکردەوه، شیعرەکانی پۆشکین به دەنگی هونەری و ڕۆمانسی ئەم خانمه وەك تەزوویەك ڕۆحی دانیشتوانی دەکزی . . تا ووشەی شیعرەکانی پۆشکین زیاتر به ناو هۆڵەکەدا بڵاو ببوایەتەوه بێدەنگی زیاتر و قوومی شەرابەکان قوڵتر و پەنچه تیکەڵاوه عاشقاوییەکانی ناو هۆڵەکه وهی (من وناتاشا) ش توندتر دەگوشران . دوای تەوا بوونی خانمەکه و ڕیزه چەپڵەیکی ڕێز و پشویەکی پچوك . خانمێك هاته سەر میزەکەمان و به زەردەخەنەیەکی زۆر میهرەبانیەوه جاریکی تر داوای لێبوردنی لێکردین . ڕوویکرده من ووتی



– دەزانی بۆ ئەو میزەمان پیێگۆڕین ؟

– نەخیر !!!! ووتی

– له بەر ئەوەی میوانێکی بەریزن، حەزمانکرد له سەر ئەم میزه دانیشن که کاتی خۆی رۆمانسینترین شوێینی پۆشکین بووه. ئەم مێزه به مێزی پۆشکین ناوزەنکراوه ؟



زەرده خەنه و وبزه و شادمانیم باڵایان گرت، (ناتاشا) (خانمێکی گەنمڕەنگی چاوشین) دەستی کرده ملم و ئەوەندەی حەزیکرد لێومی چڕی . ووتی (دەزانی خۆشەویستەکەی پۆشکینیش ناوی ناتالیا کورتکەرەوەی ناتاشایه، ؟؟؟؟) پەپولەی وورده ماچەکانمان هێنده زۆر بوون بەری چاوی میوانەکانی ناو هۆڵەکەی گرت و دکتور ئارمانی هاوڕیمان هاته زمان :

– وا هۆڵەکەتان پڕکرد له پەپولەی وورده مچەکانتان . بوونەته دووئەکتەر ئۆرەتیکی شەوەکه . تۆزی پشوو به هەناسەکانتان نادەن ؟؟؟؟

لێومان لەیەك ترازان من و ناتاشا ووتمان : ئیمشەو شەوی لەدایك بوونی (پۆشکین) و کۆرپەی حەزی چاوەڕوانیمانه . لێمان گەڕی قەدیریکه لێوی ڕێحانەی چاو شینم نەمژیوه . ناتاشا ووتی : لێمان گەڕی تەمەنێکه لێوم تینوی مژینی لێوی قاوەی ڕۆژهەڵاتیەکه .

روحیانەتی شیعرەکان و لەنجەی نۆتەی پیانۆەکه و بریسکەی ڕووناکی سەر ڕووباری (NEVA) ی بەرامبەر پەنجەرەکانی خانووەکەی پۆشکین هەستی بەرزی میوانەکان و تەمەنی شەویکی ڕۆمانسی پڕماچ ودووقاپ شەرابی سووری له تەك خویدا برد .



**هوشیاری کۆمەڵگا لەوەدایە بتوانی میژووی خۆی بە پاکی بنووسیتەوە و بە ژیرانە مامەڵەی لە تەکدا بکات.**

**ئەری بشێ ڕۆژێك بێت ؟؟؟ تاقە یەك چرای شارێك، لە شارەکانی کوردستان ؟؟؟ بۆ شەوی لە دایك بوونی (پەشێو، ، نالی وکەژاڵ ئەحمەد و شێرکۆ بیکەس، ئیسماعیل خورماڵی) کەمێك تیشکی زیاتر ئاسمانی ناهوشیاری ببڕێ ؟؟؟؟؟؟**

**پۆشکین دجریوینێ**

**ئا خۆشەویستم**

**تائیستاش کڵپەی مۆمی خۆشەویستیت**

**لە دڵما دەگرێ**

**دڵنیابە بیر لە خۆشەویستیەکی تر ناکەمەوە**

**چەند حەز دەکەم غەمبارت بکەم**

**بەڵی بە خۆشەویستی، بە بێدەنگی، بە نائومیدی، بە نهینی**

**بەشەرم و نهینی بە ڕاستگۆی و**

**بە شەوقەوە خۆشم ویستی**

**لە خودا دەخوازم**

**کەسێکی تر وەك من تۆی خۆش بوویت** 1829

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.